## زمانی پەرلەمانتار، زمانی تازەی دیالۆگ؟ ... ئاسۆعەبدوللەتیف

نەخشەیەکی نوێی جوگرافی ومێژوویی هەیە بەپشتبەستن بە بەڵگەو دیکۆمێنتە دێرینەکانی سالآنی 1794 و سەردەمی عوسمانیەکان کە تایبەتە بە نەخشەی حەقیقی کوردستان و پشت ئەستورە بە کۆمەڵێك نوسراوی کۆن کە رەسەنایەتی جوگرافیای کەرکوك و ناوچە تەعریبکراوەکان دەر ئەخات حەقە بە ووردی کاری بۆ بکەین لە ئاستێکی سیاسی و زانستی زۆر بەرزدا، ئەم نەخشەیە کە ئێستا لای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەیە دەری ئەخات کە کەرکوك کەوتۆتە ناوەراستی نەخشەکەوە و ئیدی هیچ پێویست ناکات ئەوەندە بوەستین و خەمسارد بین لە ئاست کەرکووك و ناوچە تەعریبکراوەکاندا و ئەوەندەش نەرم بین لەبەرانبەر گوتاری بەغادا، ئەم نەخشەیە سالّی 2005 لە سەردانێکی دبلۆماسی چرو پڕدا توانرا پیشانی رای گشتی و ناوەندە سیاسی و میدیاکان بدرێ و بەڵگەو دیکۆمێنتەکانیش رەوانەی کۆفی ئەنان بکەن تا نەتەوە یەکگرتوەکانیش ئاگای لەم پرسە تازەیە بێ و چیتر بە باکوری عیراق ناوی کوردستان نەبرێ و ئەوەندەش جەعفەری رۆڵی کوردو دیموگرافیای رەسەنی کەرکوك پەراوێز نەخات، بەواتایەکی تر ئەوەندە رەوتی مەزهەبی تازەی عیراق ئەوەندە کورد بچوك نەکەنەوە، ئەڵبەت بەدرێژایی سالّی 2005 دژایەتیەکی تازەی دۆزی کورد کراو مادەی 58ی کەرکوکیش خەریك بوو تەواو وون بێت و باسی نەمێنێ، ئەم سیاسەتەش خۆمان باش دەزانین کە جەعفەری تیۆریزەی ئەکردو ئیئتیلافی شیعیش رەزامەندبوو لەسەری، تەنانەت بە تاقە ووشەیەك ئیزافەیەکی پۆزەتیڤیان دانەنا لەسەر ئەو مادەیەی کەرکوك و کوردستان،

لە دەستوری هەمیشەییدا کە وەك بەڵگەنامەی پێکەوەیی ئەخوێندرێتەوە ئەگەرچی زۆر برگەوبەندی بەدڵی کورد نییەو بەناچاریش قبوڵی کرا بەلآم زۆر هەوڵ و خەونی فاشیزمانە لە ئارادایە بۆ ئەوەی کورد پەراوێزبخرێتەوە و بکرێتەوە بە پاشکۆ، لە کاتێکدا کورد بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە تێکەڵاوی عیراق بۆتەوە بۆیە پێویستە کە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کورد لە پەرلەمانی عیراق زمانێکی دیالۆگی تازە بەرهەم بهێنن و ئەجێندای تازەیان هەبێت بۆ جێگیرکردنی هەموو ئەو مافانەی کوردو لەو دۆخە دژوارە تێبگەن کە ئێستا کەرکوکی تێدایەو کۆی دەسەلآت و بودجەوداواکاریەکانی کورد بەهەند بگرن و رازی نەبن بە سازش لەگەڵ ئەو میرە تازانەی دەسەڵاتدا،

کورد نیشتیمان و خاك و جوگرافیایەکی دیاریکراوی هەیە و نەخشەکەش سەلمێنەرەو ئیحایەکی باشە کە کورد ئیتر بەزمانی سۆزو بەزەیی نەژی و داوا بەرز نەکاتەوە بەڵکو خاوەنی زمانی دیالۆگ و لۆژیکیانەو تەحەدیيانەی خۆی بێت کە زمانی دیکۆمێنتە نوسراوەکانە، ئەم نوێنەرانەی کە ئێمە دانگمان پێدان کە نازانم چۆن بوو کە رێژەمان لە 78 کورسی پارلەمانیەوە دابەزی بۆ 53 کورسی، کە بێگومان بە کەمکردنەوەی کورسیەکانمان ئەبێت لە پەرلەمانی بەغدا پاشتر کاربکەین و لێ ببرێین کە زۆر جیاوازتر بێت لە سالآنی رابردوو، با تەنها کاریان جولآندنی ئەو بەڵگە مێژووییانە بێت و بەس چونکە بەڵگەکان خۆیان ئەدوێن و راستیەکان دەر ئەخەن و ئەو گوتارە زارەکی و شەفەهیانەمان لەکۆڵ ئەکاتەوە کە بەدرێژایی مێژوو ئێمە گیرۆدەی بوین کە بەبێ نوسراو یان بەبێدەنگی یان بەزمانی داواکاری لەرزۆك گەرەکمان بوو نەیارەکانمان تێبگەیەنین، پەرلەمانتارانی کورد نابێ دابنیشن و خەون بە ئیمتیازەوە ببینن بەڵکە دەبێ لە بەغدا

سەنگەری دیفاع بگرن و لێبراوانە کار بکەن بۆ دۆزینەوەی زمانێکی لۆژیکی تازە بۆ داکۆکی لە هەرێمی کوردستان، وە ئەبێت گەریدانە بگەرێن و سەر بکەن بە گشت ئینسکلۆپیدیاو هەر ناوەندێکی رۆژهەڵاتناسی و هەر دەستنوس و کتێبێك کە وەختی خۆی مێژوونووس و ئۆرێنتاڵیستەکان نوسیویانە لەسەر کوردو بۆ ئێستە ئەبێت بەبەڵگەی تەواو، ئەو هەندە بەڵگەیەی کە لە بەردەستدان هی سەردەمی قەڵەمرەوی کورد نین بەڵکو یەکێکیان ئەگەرێتەوە بۆ قەڵەمرەویی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانلی و ئەوی دیکەشیان دەگەرێتەوە بۆ دووسەدە لەمەوبەر، وە ئەم بەڵگانە هەرگیز لەو شوێنە راقیی و تاوەرە پێنج ئەستێرانەدا نادۆزرێتەوە کە نوێنەرانی ئێمە تیایدا ئەحەوێنەوە و سەردانی ئەکەن و وێنەی تێدا ئەگرن، بەڵکو گەرانێکی کەلەپوری و خاکی و پروکێنەرانەی ئەوێت تا ئەدۆزرێنەوەو سەرەنجام دەسەڵاتداران و بەرپرسانی عەرەبی لێ بەئاگا بهێنرێت، ئەم ئیشکردنە کە رەگەزی زانستیانەی مێژوو زاڵە بەسەریداو بواری گومانی نەهێشتۆتەوە بۆ کەس تا بڵێ کورد خاك و نەتەوەی نییە، لەدەستوری هەمیشەییدا کەرکوك لەناو جوگرافیای کوردستاندایەو دەشبێت بخرێتە سەر هەرێمی فیدراڵی کورد و ئاوەدانیش بکرێتەوەو وەکو کەلاوە پێناسە نەکرێت بۆ رای گشتی و ئەمەش پرۆژەی درێژخایان و کاری ئێستای ئەوێت و پێویستە بخرێتە ناو چوارچێوەی پرۆژە گەورەکان و نوێنەرانی کوردیش دەبێت ئەوە بزانن کە ئەوان گەل هەڵبیژاردوون تا راستیە مێژوویەکان دەربخەن و مافەکان بگەرێننەوە بۆیان نەك پێ لەسەر راستیەکان بنێن و چاو بنوقێنن لە ئاست دوژمنە تازەکانماندا.